**"دوانزه وانه بۆ منالان" و چەند تابلۆیەک........**

نووسینی: رزگار ـ ئازاد مستەفا

---

سەروتاری یەکەم ژمارەی " ئالای سووری کوردایەتی " ، کە" ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک"ەبەم رستە پرشنگدارە دەست پێدەکات : ( ووشە سەرەتای کردارە و بلێسەی کاروان... ووشە دینامیتە و نارنجۆک قەلای زولم و زۆر و زۆرداری هەلدەتەکێنێ... ووشەی پیرۆز و پاک راست ، بیری رەسەن ، بیرکردنەوەی دروست دەرسکێنێ ، نەتەوەیەک بەئاگا دێنێتەوە و چەوساوان دەوروژێنێ و بەشخوراوان هان دەدات... ووشەی کوردی پیرۆزیش چێوەی بیری کوردایەتی رەسەنە ، کوردایەتیش چارەنووس و بوونی نەتەوەی کوردە. (...
ئەمەش یەکێکە لە راستییە زانستی و مێژوییە هەرە بەرچاو و گرنگەکانی ژیان و بوونی کۆمەلایەتیی مرۆڤ ، رووپەڕی مێژوو و رووداوە گرنگە بەرچاوەکانی خەبات و نەبەردی نەتەوەکان هەلدەرەوە ، دەبینی هەمیشە ووشەی رەسەن پێشەنگی کاروان و زەنگی راستبوونەوە و راپەڕین بووە... (ڤۆلتێر ، رۆسۆ، تومپین،فیختە،مایکۆفسکی و لۆرکا) دەنگی دلێر و رەسەنی هەرگیز نەمری شۆڕشانی مەزنی " فەرەنسای گەورە و ئەمەریکا و ئەلمانیا و ئۆکتۆبەر و ئیسپانیا"بوون... ئەمان گیان و هەناو و بزوێنەری شۆڕش بوون...
رۆلەی هەلکەوتووی کوردیش "عەبدوللا پەشێو " دەنگی هەرە رەسەن و سازگار و تروپکی شۆڕشی کورد و کوردایەتییە. پەشێو دەنگی ویژدانی نەتەوەی کورد و پەیامبەری بیری رەسەنی کوردایەتیی پیرۆزە.!
ئەگە "پەشێو " کورد نەبووایە ، کە کوردیشە " کوردایەتی " فەلسەفەی ژیان و خەبات و رێبازی نەبووایە... پێم وایە هەزار هێندەی "نازم حیکمەت" و "مایکۆفسکی" لەبەرچاوان و لەسەر دلان دەبوو!! بەلام ئەو هێندە شانازییەی بەسە کە چاکترین دەربڕ"معبر"ی ویژدان و دەروونی کوردە... پەشێو ئیمرۆ دەنگی هەست و خواز و ژان و ژوانی نەتەوەیەکی لە بیر براوەیە، پێغەمبەری هەستی بلندی بە خۆنازین و داوای ڕەوای کوردە... ئەو لەسەر بلندایی زاتێکی باوەڕبەخۆ و واقعی ویست و ڕەوای نەتەوەکەیەوە چاوی هیوا و ئاواتی بڕیوەتە " ئازادی و یەکسانی " کورد... کەس وەک پەشێو رەپوڕاست و گردەبڕ نەچۆتەوە بەگژ واقعێکی تالی سەپێنراوی نارەوادا، لە نێو هۆبەی مەسلەتبازی و خۆدان بەدەستەوە و ناوەڕاستڕەویی دنیای سیاسەتی ئالۆزی بێ لۆژیکی دوێنێ و ئیمرۆی کورددا ، وەک دار سەروو، وەک بەربەست ، وەک کێو بە رووی داگیرکەرانی کوردستان و خۆفرۆشانی ناوخۆدا دەوەستێتەوە و وشەکانی ئاگر لەسەر پشتی داگیرکەران دەکاتەوە و سەری نەویی بووکەشوشە خۆرکەکانی ناوخۆ پێ نەویتر دەکات ، چەک دەداتە دەست شۆڕشگێڕان و داس بۆ جوتیار و چەکوش بۆ کرێکار و بیری تیژ و رەسەن بۆ رۆشنبیران.
بەکورتییەکەی، وەک تاکێکی هەلکەوتوو رێچکەی بەستەلەکی واقع و بیر بۆ تاکەکانی دوای خۆی دەشکێنێ و چاویان دەکاتەوە بۆ رۆشناییەکی روونتر... بۆ " کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان ". ئەم رێگا سەخت و پیرۆزە ، وەک هیچ رێگایەکی دی گولڕێژ نییە... پڕ کەند و کۆسپ و لەمپەر و لەوێرە، بەلام رێگای پیاوی مەرد و نەترس و دلێرە... هەمیشەش پیرۆزی و راستی و مەزنی هەر رێبازێک بەسەختی و دژوارییی رێبازەکەوە بەندە... سەختی و دژوارییی رێبازی پەشێویش دووجاران لە رێبازی ئاسایی و عادەتیی خەلکی تر سەخت و دژوارترە ... ئەم لە دووبەرەوە دەجەنگێ ... بەرەی داگیرکەران و بەرەی بیروباوەڕی کۆسمۆپۆلیتانەی خۆفرۆشانی نێوخۆ.!!
نموونەی ئەمە ، کاتی خۆی کە پەشێو، پاش تاقیکردنەوەیەکی تال لەگەل سیاسەتی محتەرەف و

بوودەڵە و لێنەهاتووەکانی کورددا ، دیتیان خۆفرۆشی و بەکرێگیراوییان ، یان بە فیڕۆدان و بەرەوهەڵدێریان لێ شین بۆتەوە.... بە " دوانزە وانە " بەناوبانگەکەی روو دەکاتە مناڵانی کورد، ئەوەی داهاتوو و چارەنوس بەدەستان، پەردە لە ڕووی دەمامککەران دادەدڕێ و وەکو هەن دەیانخاتە ڕوو ، دەست لەسەر دەرد و ژانەکانی کورد دادەنێ و ئامانج و ئاوات و مەبەستە ڕەواکانی بە ڕوونی و بێگرێ و گۆڵ وەکو هەن دیاری دەکات و رێگای راپەڕین و شۆڕش و رێبازی دانبەخۆداگرتن و بەردەوامی و فەلسەفە و تیۆری >>کوردایەتی <<ڕەسەن و خۆماڵی وەک { تاکە رێی چارەنوسی کورد } دەداتە دەستیان ، تا وەک هەموو دنیا ، مرۆڤی کورد لە ژێر سایەی ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان )دا وەحەسێن. بەڵام خۆی وتەنی ( دەیان وەک بەچکە چۆلەکە سەربڕی و دوانیشیان رزگاریان بوو !)... ئینجا دەوری مۆرانەی ناوخۆ و جاش رۆشنبیران هاتە پێش و ئەو دوانەی کە لەبەر دەستی چەپەڵی داگیرکەرەکە رزگاریان ببوو، " سامی شۆڕش" ناوێکی بێئابڕوو کەوتە ئاوەڕووتکردنیان ، هەرچی ژەهراوی داخ لە دڵی و کوردنەویستیی کۆسمۆپۆلیتانەی هەبوو رشاندییەوە بە رووی سووری ئەو دوو کۆپلە تاساوەدا !!!ئەمەش یەکەمجار نەبووە و دواجاریش نابێت کە قاپی کوردپەروەران " بگیرێت !! بەر لەم بەر ماڵ بە " کامیل ژیر" گیرا بوو لەسەر دیوانی " کوردایەتی " یەکەی... و سەربەست بامەڕنیش لە وەڵامی شیعرێکی "ئەحمەد سەلام "دا کە بە جەنگاوەرێکی ڤێتنامی پێشکەش کرابوو.. بەوپەڕی بێشەرمییەوە دەڵێ: (چۆن دەبێ و چۆن دەشێ پێشمەرگەیەکی کورد بگەیەنرێتە ئاستی جەنگاوەرێکی ڤێتنامی ؟؟!!.)... لەم قاپگرتنەدا هەتا " حاجی قادری کۆیی " یش رزگاری نەبووە.!!

"پەشێو " شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێستە، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی رەسەن و واقعی ... دوور لە قرمە و قاوی دروشمی زڕە شۆڕشگێڕانەی ساختە. پەشێو مرۆڤدۆستە ، بەڵام ئەم مرۆڤایەتی مرۆڤی کورد لە "کوردایەتی " دا دەبینێ، ئەو ناتوانێ لە زاتی کوردانەی خۆی هەڵگەڕێتەوە و بەرگی درۆزنەی خواستەمەنی بێگانە بپۆشێ، وەک رێوییە گەڕە لە کونی خۆ هەڵگەڕاوەکان! .ئەو کوردی پێ مرۆڤە، بۆیە مرۆڤایەتییەکەی لە کوردایەتییەوە سەرهەڵدێنێ و رەنگ دەداتەوە..بە پێچەوانەی گۆشکراوانی بیری نارەسەنی بێگانە ، کە کوردایەتی بە تاوان و تەنگنەزەری دەزانن. ئەوانە کورد نەبێ هەموو شتێکی دین!!،... ئەوانە نانی کونەماسی دەخۆن و پاسی جرتاوا دەکەن!!

"پەشیو" دەزانێ هەموو شۆڕشگێڕانی مەزنی دنیا ئەوانە بوون و ئەوانەن کە نەتەوەکانی خۆیان لە هەموو شتێکیتر خۆشتر ویستووە ، مازینی و دیڤالێرا ،جیڤرسۆن و فیختە ، سەن یان سەن و ماو و گاندی و نەهرۆ و عرابی و ناسر ،قازی و بەکر سدقی... کەسانێک بوون کە مەزنی و نەمرییان لە خۆشەویستێتی نەتەوەکانیانەوە هاتووە... " پەشێو" ئەو سەرەتا بەڵگەنەویستە دەسەلمێنێ کە ئەوەی نەتوانێ نەتەوەکەی خۆی خۆش بووێت ، مومکین نییە بتوانێ ببێتە دۆستی نەتەوەیەکی دیکە ، ئەوپەڕەکەی دەتوانێ بەکرێگیراوێکی خۆبەکەمزان بێت.!!

ئەو بەمجۆرە لە یەکێتی و خەباتی نێوگەلان دەگا و دەڵێ:

چەند حەز دەکەم
منی کوردیش، ئادەمیزادێکی سەربەست بم
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم..

ئەدی کاکە "پەشێو" بۆ وەستاوی ؟

بەڵام چی بکەم ؟!
خۆشم ئەمڕۆ وا دەستبەستەم
داگیرکەران.. لە چوار لاوە ،
ناهێڵن بجووڵێ جەستەم..

کەوابێ هیچ !؟
پەشێو دێتەوە زمان و دەڵێ : نەخێر!!

بەڵام پەیمان
هەزار ..پەیمان
لە دوا رۆژا،
کە خۆم بینی
کەسێکم نایە بە گژا،
کە خۆم بینی
لە سێبەری کوردستانی رزگاربووما
لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە رووما،
ئەوسا.. منیش ،
وەک کوردێکی خاوەن کیان،
چەک هەڵگرم
بۆ هەر کەسێک ، بڵێ : ژیان!

ئێ کەوابێ تۆ "شۆڤێنێ" و "تەنگنەزەری"! چونکە کوڕی خۆت ناکەیتە قوربانی کچی خەڵکی... دیسانەوە پەشێو راست دەبێتەوە و بە پرسیارێک کە وەڵامی نییە قوڕ دەدات بەدەمی کۆسمۆپۆلیتانی خۆفرۆشدا و دەڵێ:

بۆ شۆڤێنیم؟!!
وا ڤێتنامی -
بۆ ڤێتنامیان سەر دادەنێن.
فەلەستینی -
دەمرن .. دەژین
بۆ هەر دڵۆپە ئاوێکی
بۆ هەر بەردێکی فەلەستین.
ئەگەر منیش داوا بکەم
سەربەست بژیم وەکو پیاو
لە کوردستانێکی ئازاد
نەک لەت لەت و پێشێل کراو
بۆ شۆڤێنیم و خۆپەرستم ؟
دە پێم بڵێ، خۆشەویستم،
بۆ شۆڤێنی و خۆپەرستم ؟.!

وە نەبێ ئەمە پاڕانەوە و خۆدەربازکردن بێت و باوەڕی بە مەسەلەکەی نەبێت ! تەنها لەڕووی دەرخستنی دەم چەوتێتی و بێ مەنتیقیی "بیرگیر"انەوە ئەمە دەڵێ. ئەگینا پەشێو پڕ بەدەم هاوار دەکات:

دۆستەکانم ! باش بزانن
دوژمنانم ! باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاوێستا و بە خوا هەیە
هەزار هێندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

ئەمەش خەیاڵی شاعیرانە و وڕێنە نییە. بیانەوێ و نەیانەوێ هەردەبێ ئەو بەردە لەسەر دڵیان هەڵێ، پەشێو زەمینەی هەڵکردنی ئاڵا خۆش دەکات و دەڵێ:

زۆر تکایە
بۆ ئەوەی منالّی ئێمەش
بووکەشووشەیان دەسکەوێ
ـ وەکوو هەموو
منالّانی ئەم دنیایە ـ
فێریان بکەن،
رایان بێنن ،
تانک و تۆپی داگیرکەران
تێک بشکێنن!

کاکە پەشیو دڵنیایە لە سەرکەوتن چونکە:

سەردەکەوین.
چونکە دوێنێ ،
تۆپە قوڕێکی دەستکردم
دایە دەست منالّێکی کورد ـ
ئەو لە باتی بووکەشووشە
تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد!

حەز بەمەش ناکات ، بەڵام کە تاکە رێگای سەربەستی و ئازادی بێت دەبێ بگیرێتە بەر ، ئەگینا:

خوا دەزانێ
باڵای تفەنگم خۆشناوێ

بەڵام( تەنیا لە لولەی تفەنگدا ئازادی چاوی هەڵدێنێ )، ئاشتیمان بەبێ چەک دەست ناکەوێ...

وەک بیستوومە
ئەو کۆترە مانگرتووە
لە ئاسمانی وڵاتێکی

بێ ئاڵادا
بە شریخەی تفەنگ نەبێ
قەت لەشەقەی باڵی نادا!

ئەم عاشقە مەزنە ، لە کوردستانی عیشقی پیرۆزی دابڕاوە چونکە:

خۆشەویستم..
خاوەن ووشەلەم وڵاتە
هەمیشە .. هاتی .. نەهاتە!
ئەیانەوێ
خاوەن ووشە وەک هەنگ وابێ
هەر کە بە رووی کاغەزەوە دات..
بمرێ.. وەکات!

دەیانەوێ ووشەکانمان ،
کۆت و زنجیر ، بۆ پێیان بێ
سایەی سێدارە.. جی یان بێ!

دەیانەوێ..
ووشەکانمان ،
بێ دەنگ .. بکەون بە روودا،
وەک حەزرەتی ، سمایل کەوت ،
لەژێر رەحمەتی .. چەقۆدا!

دیارە داگیرکەر لە ملکەچی بەولاوە قبوڵ ناکات ، داگیرکەرانی سەر ئەم دنیایەن ، هەر بەوەوە دابین نەبوون سامان و دارایی کورد بدزن و خوازی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن.. ئەوەتا وەک پۆلە کوللە بە نیشتماندا وەربوون.. بۆیە پەشێو هاواریان لێدەکا:

بارکەن بڕۆن..
کانیاوەکان جگە لە من
کەسێکی تر تێر ئاو ناکەن
................................
بارکەن بڕۆن..
زەوی ئێمە ،
دانی ئێوەی لێ شین نابێ.
............................
بارکەن بڕۆن..
میوەی درەختەکانمان کاڵە
ئاومان سوێرە ،
هەنگوینمان بە دەمتان تاڵە!

ئیمڕۆ سبەی هەر دەبێ بارکەن بڕۆن چونکە نە کورد باریوە و نە کوردستانماڵی بابی ئەوانە، وەکو پەشێو دەڵێ:

لە ئاسمانەوە نەهاتووم
من میوان نیم.
من میوانی
سێبەرقورسی کوردستان نیم.
بەر لە مێژوو
کانییەک بووم لێرە دەربووم.
بەر لە مێژوو
ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم.

پەشێو تەنها نیگاکێشێک و ڕێبوارێکی سەرپێینوڕ نییە... ئەو ژان و ژوان پێکەوە دەبینێ.. دەردەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەدۆزێتەوە و چارەشی دیاری دەکات.. دەستنیشانی مەبەست و ڕێگا پێکەوە دەکات.. وەکو دوو شتی دیالێکتیکی دەیانبینێ کە ئاوێتەی یەکن و جوێ نابنەوە. ئامانجی ستراتیژیی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو و تاکە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانجیشی لەگەڵدا دیاری دەکات و دەڵێ:

منالەکان!
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن ،
ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن ،
ئێوەن سبەی
سنووری دەستکرد دەشکێنن ،
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن
ئێوەن سبەی
لە قامیشلی ،
لە دیاربەکری شێخ سەعیدا ،
لە سلێمانیی بریندارا ،
لە مەهابادی" قازی" دا ،
بە یەک فەلسەفە پێ دەگەن
گشت تێ دەگەن:
ئەوەی کورد بێ ، نەوەی نوێ بێ ،
دەبێ تێشووی
ڕێی یەکێتی کوردی پێ بێ.

پەشیو وەکو بۆرژوا چاوچنۆکەکان ، بۆ ئەوە شین ناکات ، کوردستان لە دەست داگیرکەران دەربێنێ تا خۆی هەڵی لووشێ ـ چۆن کوردستانی بێ ئاڵا و کیانیش ناوی ـ ئەو کوردستانی رزگار و یەکگرتوو و ئازادی دەوێ تا کورد تییدا یەکسان بن ، کە دەڵێ:

پێ ناکەنم..
تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان
مامزی خەندە ڕاودەکەن
بۆ لێوی لادێ و شارەکان
کە ئەوەم دی..
ئەوسا .. منیش وەکوو ئەوان..
وەکوو شنەی گوڵەگەنم
وەکو ئارەقەی ناوچەوان..
لە ناخەوە ، پێ ئەکەنم!

دواجار پەشێو دەزانێ لە هەموو لایەکەوە و لەهەر بن بەردێکدا ، داگیرکەرێک ، خۆفرۆشێک ، خۆرکەیەک خۆی مەڵاس داوە ، بۆیە بە منداڵەکان... پیاوانی دوارۆژ و چارەنووس بەدەستانی کورد دەڵێ:

منداڵەکان!
کە وانەکان دەخوێننەوە
ئەگەر ڕۆژ بوو -
لە کونجێدا کپ هەڵتووتێن.
ئەگەر شەو بوو -
با چراکان کز بسووتێن.
چاک دەزانم ،
گەورەکانتان بتانبینن
داختان دەکەن ،
وانەکانم دەسووتێنن ،
دێن ، دووبارە ،
جەستەی حەللاج
دەدەنەوە لە سێدارە!
**********************

کاکە "پەشێو"ی مامۆستا... وانەکانمان خوێندەوە و لەبەر کرد، تێشووی فەلسەفەی "کوردایەتی" مان لە پشت بەست ، ڕێی ( ئازادی و یەکسانی ) مان گرتەبەر... لەگەڵ کاروانی ڕزگاریدا ، لەبەر تیشکی زێڕینی فەلسەفەی کوردایەتیدا بە ڕابەریی | پاسۆک "ی پێشڕەو هەنگاو هەڵدێنین...

ڕزگار
بارەگای پاسۆک
6.5.1981

---

سەرنج
ئەم نووسینەی سەرەوە، پێشەکیی ئازاد مستەفا "ڕزگار"ە، کە لە 1981 دا، لە ڕۆژگارێکی سەختی خەباتی چەکداریدا، بۆ کۆمەڵە شیعرێکی پەشێوی نووسیوە و مۆرکی ڕاستگۆیی ئەو

سەردەمەی پێوە دیارە، بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە ئامانجی سەرەکی بووە، نەک لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمییانە. لە کونەئەشکەوتان نووسراوە، نەک هۆڵی کتێبخانان .
مەبەست لە دووبارەبڵاوکردنەوەی ئەم پێشەکییە ئەوەیە، دەقە ئۆریژناڵەکە خەریکە دەسڕێتەوە و لەناو دەچێ. جگە لەمەش، ئەم دەقە یادگاری گەورەپیاوێکی سەرکردە و کوردیزانێکی خۆڕسک و دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە،
ئەویش..... بەداخەوە، وەک چاپکراوێکی ئەو سەردەمەی شاخ، هەڵەی چاپێ تێکەوتووە . لێرەدا بێ دەقی تەواوی شیعرەکان، بە رێنووسی ئەمڕۆ، لە چاپمان داوەتەوە. مەبەست لە نەنووسینەوەی شیعرەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا خۆشبەختانە سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا پەشێو ئێستا بە ناوی { پشت لە نەو ا روو لە کرێوە} شیعری 1965 ـ 1979 و { هەسپم هەورە و رکێفم چیا } شیعری 1980 ـ 2005 لەسەر ئەرک و لەژێر چاودێری خۆیدا بڵاوکراوەتەوە و خوێنەر بۆ شیعرەکان دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر دیوانەکانی.

هەڵۆ بەرزنجەیی